# کتێبی وەسوەسەی سێو

## شیعر

## ناڵە عەبدولڕەحمان

هەولێر ٢٠١٠

ناوی کتێب: کتێبی وەسوەسەی سێو
نووسەر: ناڵە عەبدولڕحمان
نەخشەسازی ناوەرۆک: نەورۆز جەمال
پیتچنین: سلێمان عەزیز – عادل سنجاری
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٥٣٤) ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆنووسەر

## پێشەکیەکی کورت

ئەوشتانەی بڕیاروایە بیانخوێنیتەوە بەشێکن لەمن و منیش بەشێکم لـەوان، بـۆیـەلام وایـە بەشیک لـەمن دوای مردنیش لەناویاندا هەناسەدەدەن، ئەگەرچی زۆربەیان لەساڵەکانی دوای (٢٠٠٥)ەوە نوسراون بەڵام وەک هەمیشە دڵەڕاوکێیەک لـەمندا درەنـگ بـڕیاری بـەچاپ گەیاندنیان دەدات هـەروەک هەموونووسینەکانی پێشووتریشم، دوای زۆرجـار پەشیمان بوونەوەو زەغت لەخۆ کردن بڵاوم کردنەوە، لاموایە بەدووری نابینم ئەگەر بۆم بکرێ ڕۆژێک لەکتێبخانەکانا ئەیانکێشمەوە، کاتێ بڕیاری بڵاوکرنەوەی هەردەقێکی شیعری دەدەم تەنانەت لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشا چەندین جاردەیانخوێنمەوەو دوایاندەخەم ئەگەرچی زۆرجار لەڤاڵابوونەوەشیان دەترسم، لێدەمەوێ دەق دوای دەق ساڵ دوای ساڵ زیاتر لەخۆم ورد ببمەوەو بە جیهابینیەکەوە بچمەوە ناو سەفەری خۆ دۆزینەوەو هەناسـەیەکی نوێتر جیاواز لەوەی پێشووترم هەڵمژم، ڕێک هەروەکو دۆلفین لەهەر سەر هەڵکێشانێکا لووت و

چاوو نیگاو گوێچکەکانم ڕەنگ و تەقس و دەنگێکی دیکە لەگەڵ خۆیانا ببنەوە ناو ماڵی زاکیرەو ئاو، تا لەدوایین نمایشدا سەمایەکی ئەفسووناویتر بگرمە تەماشا، جا نازانم لەمبارەیەوە چەند بەتاوین؟ ئێستا بەهۆی ئەوەی هەندێ خۆم دەناسم زۆربەی ئینسانەکان و مەخلوقەکانیش تاڕاددەیەک باشتر لەجاران دەناسمەوە، بۆیە وایدەبینم سەروکار لەگەڵ هەر سەلیقەو هونەرێکا دیوێکی تری دەرگایەکی نهێنیە بۆ ڕۆچوونە ناو دونیای تایبەتی مەخلوقەکان.

پێشکەشە بە دیرۆکی مەزلومیەتی سێو

**شاعیر**

**ناڵە عەبدولڕەحمان**
**٣١-٤-٢٠١٠**
**هەولێر**

# مەوکیبی ڕاسپۆتین

تۆ لەقەڵای هەر ژنێکا دەواری شەهوەت هەڵدەدەی
گوڵێک دەچنی....
من بارانم چوار وەرزە کێڵگەی عەشقت سەوزدەکات.....
تۆلەسەر سەرینی گوڵ خەوببینیت بەتریفەوە
من ڕۆحم دەکەم بەبەری گەڵاکان و
هەناسەی نەوایی مانگت بۆدادەگرم،
نا... من بەسەفەری گوڵ گرتن وەڕەزم.....
قەڵسم بەقەسیدەی شیلە لەفنجانی هەنگ
ئێستابەقەد باڵای سێبەر
لەعەبەسیەتی گەڵا ڕادەمێنم...
نەوەکا گۆزەی بیرم لە زاکیرەی ئەپۆلۆ بشکێ،
ئاە نیشتیمانی گەڵا....

تۆلەکوێی دەهرەکانا ئەوبەرگە سەوزە دەسپێریتەوە خۆر...؟

ئۆف نیشتیمانی سەوزی وەرین!

لێرە مەڕۆ... مەوکیبی ماسکە بەهرەمەندەکانی عەشق جێ مەهێڵە،

ئەوڕاسپۆتینانەی سەرچەفیان لەگەڵاو سەرینیان لە پێستی ژن هەڵدەچنن

باخچەکانیان پڕەلەگوڵی پلاستیکی جەستەو

لەپێخەفی پلاستیکیشا

عەشق دەخەنە شووشەوە.....

# کەڤرینترین

پلۆتۆ!

ئەی دوورترین باران لەئاسمانی سەوزبوونم

وەک ئەوەی منی عەتارد، دەستم خستۆتە ناو

گۆمی مەنگی مەحاڵ

دەمەوێ پێت بگەم پلۆتۆ

لەوسەرتۆپەڵە گرێک چاوەترسناکەکانی بەرەو ((تەوبە))

هەڵمدەگرن

تۆش لەوسەری (بەستن)ەوە بەرەو نیوتن کێشم دەکەیت

❊❊❊❊❊❊

مەڵێ ئەوەی دراوسێ ی خۆربێت حەز بەوەرزی

بەفردەکات

ئەوەی لەنێو بەفریشیا زوقم بیگرێت
حەزبەگۆرانی خۆر دەکات....

******

پلۆتۆ!
تۆهەوڵدە لەم دووریانی وەسوەسەیەدا
هێڵی ناوەڕاستی هەسارەکان بگریت...
هەرنا بچیتە نیشتیمانی(زوحەل) ەوە
تامنیش هەنگاوێکی تر
بەستەڵەکی مەحاڵ دەشکێنم
کراسی ڕۆحم دەکەم بەبەری خەونەسپیەکانتەوە.....

# ئێوارەیەک لەشەقامی سەوزدا ئەوم بینی

کراسی لەپەڕەی گوڵ و
پانتۆڵە خۆڵە مێشیەکەی
لە کەتانی هەڵکروزاوی عەشق و
سەعاتی دەستی
لەفرمێسکی کچە هەرزەکارەکانی نیشتیمان،
پێڵاوەکانی لە ووشە
ڕیشە ماش وبرنجەکەی
لەفڵچەی نیگاری داڤنشی
دوگمەی کراسە قاوەییەکەی
لەشیعرە قەلەندەرەکانم چێ کردبوو
ئێوارەیەک لەوێ دابینیم
غەرقی گەمەی لەمسی پەیکەرێکی برۆنزی بوو

ڕامانی خستبووە سەرنیگاری دوێ
لەفیراقی خوا دەگریا...
من فرمێسکەکانیم بینی
لەباخچە وشکەکەی ژن دا سەوز دەچوونەوە
نەمامی پاییزیان دەگرت...
تۆ کەی بەمەملەکەتی حەقیقەتدا گوزەرێ دەکەی؟
ئەی ئارامترین وەهم !
تا لەپێستی خۆما نەڕژاومەتە زەوی
شتێ بڵێ
تا ئیتر منیش پشکۆی تەماشام بگرمە
سنگی برینداری ئاسۆ!

## لەکتێبی وەسوەسەی سێوەوە

### ئەی سێو شەڕە شیعر بەسە (١)

هەتا دێ گلاسی پێکەکانی بیرم بەریەک دەکەون و
دەشکێن
لەم خلیسکانەی وەسوەسەیەدا
نامەوێ بدۆڕێم ئەی دەروون
پشوویەک بدە  تا تەمەن ئەسپی کیسەڵبووی تاودەدات و
لەپێش تۆدا سپاه سالارانە ڕێگادەبڕێت
لێرە  لەسەرنوێنی گیادا
بێ دیواری ژوور و بێ حەسیری شەهوەت پاڵکەوە...
تافریشتەکانی تەمەن لەسەفەری مەودای پیری
دەگەڕێنەوە.....

## ئەی بیرا چاومەبڕە سەماکەرانی قەدەری (با) (٢)

دڵ مەدەرە ڕاسپۆتینەکانی عەبەسیەتی ووشە
لێرە لەم چەقی ڕێگایەدا ببەبەهەڵم و
دواترلە لێزمەی بارانێکا دەگەڕێیتەوە باوەشی زەوی و
ئۆقیانوسی لەبەرائەتی سێو چی دەکەیت.....
لەوێدا ڕاسپۆتینەکان لەناوتا گەردی هەناسەکانیان وون
دەکەن و
بیریان دەچی ئیدی لەکۆشکی ئەلیزێدا بازرگانی بەخوێنی
ژنەوە بکەن و
هێزی ماسولکەکانیان لە پێخەفی سێو وەرگرنەوە...

## لێرە بمێنەرەوە ئەی بیر! (٣)

ڕێ بەو کاروانانە مەبڕە
کەهێشتا لە سەفەری گوڵگرتنی دۆزینەوەدا
بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی دزرانی یەکەمین بارگە لە عەدەن
نەگەڕاونەتەوە،
لێگەڕێ باکاروانچییەکان
کاروانسەرای زەمەن بەئەسپە کیسەڵبووەکان تیربارانکەن،
مەترسە لەوەی ئاوێنەی ژنێتیت بشکێ،
ئەوان پێویستیان بەنوتفەیەک ڕێکردن هەیە لەناوکۆشکی
سەدەیەکدا
مەترسە لەوەی کەشکۆڵی ماندووییت بدزرێ،
لێرەبمێنەرەوە ئێرە
تا کاروانچییەکان لەجامی سەدەیەکدا شەڕابی بیرت دەنۆشن...!

لێرە بمێنەرەوە ئەی بیر!
تافێردەبن لەئوستورەی جوانی ژنبوون ڕابمێنن
پانۆڕامای خۆڵەمێش بوونی بەشەرییەت و
کەوسەری فیردەوسی عەشقی ئیلاهی دەخوێننەوە...

# ئەوپیاوە سپی پۆشەی داوای(زۆر)م لێدەکات

نورانیەک
داوا دەکات لەسەر ئەستێرەکانی ناوچنگی
کە بەڕەڵای ئاسمانی تەمتومانی کردووە
سێ شەممان بگەمەلای.....
بەعەساکەی بمگۆڕێ بۆئەوسیندرێللایەی
ساڵانێکە لەتەنهاییدا باڵندەکانی جەستەی لێ ی دەخۆن...
ئەوپیاوەسپی پۆشەی داوای شیعرو ماچ و ئاویزان بوون و
گریان و خەندەم لێ دەکات
من توانای فرۆشتنەوەی ئەمانەم نیە پێ ی
کە لە زاکیرەمدا دەهرێکە حەقیقەتی
ئەمانەم  ون کردووە!
من توانای هەڵدانی ئەمانەم نیە بۆی

کەلەعەسرێکی درەنگی خەزاندا
کۆمکردنەوەو بە ملی پاساریە پاییزییەکانەوە
سپاردمنە مەوتنی هەڵوەریوی (با)
من ناتوانم ئەمانەی بەمێ
ئەترسم دوورنەبێ و ڕۆژێ بێ
هەر ئەوپیاوە شەپقە ڕەشە:
بەکردنەوەی قۆپچە سپیەکانی پاڵتۆکەی
داوای زاکیرە و ژنێتی و سەرکێشی قەڵەمەکەمم لێبکا
من بەس ناتوانم ئەمانەی بەمێ
ئەگینا خۆ ئێستاش زووە، پریاسکەی حەزی سووری ئەو لە
ملی باڵندەکانی ئاسمانی وەرینیشا
بگێڕمەوە ناو ئەندێشەی چنگی.......

# ماچ

(١)

پیاوێک هەموو ڕۆژێ
بەنیگا پەرتبووەکانی دوێنێی
بلورانە لەتم دەکات
پیاوێکی تر
هەمووجارێ پارچە وونبووەکانی ئەوێم پێکەوە دەنێ
تاجارێکیتر ونم نەکا...
لەوبەر کۆڵانەکانی دزییەوە
وەک پڕبەهاترین گەوهەر
لەزیندانی گیرفانە ڤاڵاکانیا شەتەکم بدات
تا بەبەرچاوی مناڵەکانیا
بای عەدەم بێشەرەفانە نەمبات....

(٢)

پیاوێک
عەسرێ لەزاکیرەی هەڵوەریوی ژنە شاعیرێکا خەوت
ویستی ئوستورەترین پێوانە لە گینیسدا تۆماربکات:
ماچی ئەگریجەی تەڕی
(نووستوێکی بەر باران بکات)*

* نووستوی بەرباران سەردێڕی شیعرێکی خوسرەوی گوڵسورخی یە نەژاد عەزیز وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

# ماچ (٢)

زولەیخایەکی قژ درێژ
لەناو گڕکانی ئەوینی پاکی بۆ یوسفی
پڕی دایە درێسەکەی و
ماچێکی ڕوو زەردی دزی
کاتێ دادگایی کرا،
بوومە منالێکی لاسارو
بە هەوەس وتم:
زولەیخا بوو مشتێ گوناهی سەوزی
لە درێسە سپییەکەی
یوسفی دزی..
ئیتر لەو ڕۆژەوە گوناه بوو، شەرم بوو
زولەیخایەک

ملی یوسفێکی دیکە بگرێ..
بۆ ماچ بۆعیشق بۆدەسبازی،
ئەگینا دەبوو بەدزی
عەیبترین دزی*.........

* پارچەیەکە لە قەسیدەی ((ئەوانەی ویستیان کچێنی دڵم بدزن)) ٢٠٠٣

# بۆ............ سپینۆزا..........

سپینۆزا....!

بەم پیریەوە..

منی مومزا بەکەروێشکەی هەناسەی تۆ

دەڕەقسم........

بە وەسوەسەی شمشاڵی حەزینی تۆڵەدوورەوە

وەڕەزبوونەکانم دەسپێرمە مەعبەدی سەما..

دەبمەوە هەرزەکاری ئەوسا

لەنێو تەهلیلەی خۆڵەمێشبوونی گەرمی وەرزەکان....

سپینۆزا..

ئەترسم ڕیتمی سەماکانی من وکەروێشکەی هەناسەی تۆ

ریتمی سەماکانی تۆوکەروێشکەی هەناسەی من

خۆنەویستانە بسپێرێینە دەمی ووشکی خەزانێک و
هەردووکمان لەنۆتەنسرمەکانی سەکسیفۆنی وجود
ئیدی  بدرێینە بەربای مروور
بەسەر تاوگەی میلۆدیەک بسڕێینەوە.......

# کەخۆر دەکوژێتەوە

ماڵێک لەسەرئەستێرەکان چێ دەکەین
**شەقامێک لە (با).. لەڕەنگی زەریا دەمانباتەوە سەرمانگ**

کەخۆردەکوژێتەوە
گڕێک هەیە لەخۆماندا ڕوناکیمان پێ دەبەخشێ
هەناومان پڕدەکا لەسروودی گەرم بوونەوە

کەخۆردەکوژێتەوە
هەسارەکانی تریش لەیەکترنزیک دەبنەوە و
ئاهەنگی مارەیی دەبڕن
جاچۆن ئێمەی نزیکترین هەسارەی گەردوون
پەیکەرێک نەبەخشینە کەڤاڵی ئاسمان

لە ئامێزان بوون و مردن..
لەعەشق و بەرائەت..؟!

کەخۆردەکوژێتەوە
فریشتەکانیش دەخەون.. شەیتانیش دەستنوێژی پاک
بوونەوە هەڵدەگرێ
تۆبڵێی ئیبلیس لەشەودا ئەوسا حەزبکا
گوێ لەچرپەی عەشقی  زولێخایەک بگرێ؟

کەخۆردەکوژێتەوە..
شەمشەمەکوێرەکان پڕۆژەکانی بەیانیان دەژەنن
سەگەبرسیەکان بەدوای تێربوندا وێڵ دەبن..
سۆزانیەکانیش جانتاکانیان لەشان دەکەنەوە ومکیاژیان
کاڵتردەکەنەوە
منداڵەکانیش خەوبەگەورەبوون دەبینن..!!

کەخۆردەکوژێتەوە
کوڕە هەرزەکارەکان ئەندێشەی عەشقیان دەبەخشنە (DVD)
ژنەپیرەکانیش(DVD)ی گەنجێتییان
لەسەرتاڵی بیرەوەری قیسارەیەکدا دەژەننەوە

کەخۆردەکوژێتەوە
دایکە ئاوسبووەکان خەون بەلەدایک بوون دەبیننەوە
لەتەک فریشتەکان
خەونی باوکەکانیش لەدایکبوونی کوڕێکە لە کۆپی
ئۆرجینالی باوک
(شاسواری خەونی کچانی گەڕەک)..

# دزەنیگایەک لەکانیلەی بە (بەرد) بوونەوە

پێشکەشە بەپیاوە ڕیش نورانیەکەی ڕۆژی یەکشەممە

بەم دزەنیگا ڕقاوییانە
لەمەعبەدەکانی خوا مەڕوانە...!
ئێرە لێوانلێوە لەیادگارە تەزیووەکانی دوێنێی خۆر
دوێنێی ڕەق هەڵاتن و بە بەردبوون
کەلەحیکمەتی خۆر نازانیت
بۆ بەم دزەنیگا ساردو سڕانەوە
بەرد دەگریتە کانیلەی پارچە ڕژاوەکانی خۆرەوە؟!
ئێرە زەمهەریرترین مەنبەعی هەڵوەرینی
نیگاکانی پەپوولەیە...!
بۆ هێندە لەپەیکەری بەبەردبوونەوە
دەڕوانیتە کچە دەستکردەکانی خۆر؟!!

کانونی یەکەمی ٢٠٠٥

# شەوشاد

من کەخەوم نایە
با تۆش پەپولەی چاوەکانت خەوبەریاننەدا
مەڵێ شەوشاد...
من کە سەدەیەکە چاوەکانم بەخشیوەتە زەمەنی بێداری سێو
لەسەدەیەکی تردا خەوبەنوستنەوە دەبینم..
تۆلێرە بنوو لەسەرسەرینی گەڵادا
خەوببینە بەنیشتیمانی ژنەوە..
من لەوێدا سەبەتەیەک گەڵا
بەوەرزە شلوێکانتا هەڵدەواسم
تاخەونت پڕکەم لەهەناسەی سەوزبوون..
من لەوێ چاوەکانم پاسەوانی مانەوەتن
لەمەملەکەتی عەشقدا
تۆلێرە دەزووی فڕین بەرمەدە
موسافیربە کوڕی قەڵات
بەرەو سەوزەڵانی ماچ.. مرۆڤبوون.....

# حەفت تابلۆ

(یەک)
ژنێک لەبەرامبەر ئاوێنەدا
قژی ڕەشی شانەدەکا
گوێی هەڵخستووە بۆ تەقەی دەرگا

(دوو)
ژنێک ویستی کێشی جەستەی
کەمکاتەوە
نەوەک مێردەکەی لەشەوێکا
چاوببڕێتە ژنی دراوسێکەی

(سێ)

ژنێ کتێبەکانی
جامخانەکەی تور هەڵدەدا
هەندێ شوشەی بەهادار
دەخاتە شوێنیانەوە

(چوار)

ژنێک لەنوێترین گوڵدانی پلاستیکی دەپرسێ
ئاخۆ لە کوێ دەست دەکەوێ؟

(پێنج)

لەجانتای ژنێکدا
شووشە عەترێکی بەتاڵ هەیە
(یادگارەکانی ئەوێی هەڵگرتووە)

(شەش)

ژنێک سەبەتەیەک نان

بەماڵان دەگێڕێ:

منالی نۆبەرەی کوڕە

(حەوت)

ژنێک بۆ عاشقە هەرزەکارەکەی

دەنووسێ:

(لە ووشک بوونم مەترسە

من هەمیشە ڕەگێکم هەیە بۆ ژیانەوە...)

# ئەو....... ئێمە

ئەو پەیکەری گوێی دروست دەکرد
ئێمە لە دەممان دەمانشاردنەوە....
ئەو باخچەی بۆ وەرزی باران دەکێڵا
ئێمە کارگەی گوڵاومان کردەوە
ڕۆحی گوڵمان خستە شوشەوە......
ئەو ویژدانی کردە سەر سپی عەشیرەت
ئێمە تابووتمان بۆ ڕێکخست، کوڕە هەرزەکارەکەیمان
پەرست!
ئەو چەکوشەکەی کاوەی ئاسنگەر هێزی پێدەدا
ئێمە عەساکەی عیسامان دەویست...
زەردەشت کێڵگەی گەنمی دەچاند
ئێمە هوتافمان بۆ ئاڵای هارونە ڕەشید هەڵدەدا

خوا ئێوارەیەک باڵەکانی ژنی کردەوەو بەرەڵای ئاسمانی کردن
پیاوان لەداهێنانی قەفەسی ئاسنینا میداڵی شەرەفیان وەرگرت
وەرزەکان دراوسێ ی یەکتر بوون لەجەنگەڵی عەشقدا
ئێمە پایزمان لەهەرسێ وەرزەکەی تردا چاند....
لەو ڕۆژەدا ئێتر ناسنامەی خۆمان هەڵدایە ئاوەوە
(ئاو) سیمبوولی دیرۆکی دزین..
ئیدی یەکدیمان بۆ تا تایە ون کردەوە.

# میریەمی دواین سەدە

هەرپیاوێ لەچاوترووکانێکا
نیگای تێکەڵاوی تەماشات کردبێ
سکی لێت پڕبووە..
ژانی لەدایک بوونی ئەبەدی گرتوێتی
ئەوەتا شەکراوی قامیشەڵانی پووچی تەمەن
نهێنی چاوەکانی ئەوان
لەباغستانی شەرمەزاریدا ئاشکرا دەکەن...
ئەی مریەمی دواین تەخت
ئەوپیاوانە غەرقی شەهوەتی منداڵ بوون مەکە
کەبەدرێژایی دیرۆک کوڕەکانیان لەتۆدەبن و
کچەکان بێ شیربایی دەیاندزن!

# پەنجە کوتراوەکانی ئێلزا

پەنجە کوتراوەکان
بەموستیلە بەهارییەکان ئەشاردرێنەوە
من چۆن عەشقی ناکامت
لەژێر غوباری دڵە پیرەکەما نەشارمەوە!؟

❊❊❊

پەنجە کوتراوەکان
ئەترسن بەدەرکەوتنیان
دڵی کوڕێک لەغوربەتدا بتۆرێنن
من ئەترسم بەدەرکەوتنی تۆ لێرەدا
شەرەفی ژنێتیشم بدۆڕێنم

❊❊❊

پەنجەکوتراوەکان ناتوانن
لەپێخەفی موستیلە پەمەییەکان ڕووت بنەوە
بۆ ژەنینی پیانۆیەک لەپایزدا
من چۆن بتوانم
لەوەرزە بەفرینەکەی وولاتدا
گۆرانی ئەبەدییەتی گوڵگرتن بڵێم !
لەشاری بێ مۆسیقادا
سەبەتەیەک شیعر بکەمە سەما؟!

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦**

# بێتاقەتترین خەندە

تۆ لەوێدای لە هەرکوێیەک هەنگاو هەڵدەگرم!
لە ئینسافی گوڵ و تەڕبوونی باخچەی حەزمدای،
تۆ لەوێدای
لە گوناهی ڕژانی خوێنی قەسیدەی ژنێتیمدای
لەهەر مەتەریزێکی دوژمن
لەهەر کرانەوەیەک بەدەم خۆری وەنەوزەوە
تۆ لەوێدای، بەر لەمن لەوێدای
لە هەر کوێیەک من دەمەوێ لەتۆ ڕاکەم تۆ لەوێدای
وەک پڕ بوومەلەرزەترین کارەسات
وەک پڕ هاژەترین چەم لەجەنگەڵی نائومێدیم دای
لە سەرمەدیترین وێستگەی ژیانم ڕێگەی بارینم پێدای
دە ئەی چەم ئێستا وەختیەتی بەتاو، ئاشکرا بڕژێرە تەنیاییمەوە!
ئەی ئەوە نیە فێربووم تا لە تاریکیا نقوم نەبم مۆمێ دانەگیرسێنم
مۆمێک لە تاریدا هاوتای خۆرە
لەڕوناکیدا ناگا بە پژمەی مردوویێک......

# بـۆنـی بـەفـر

تۆ لەسەر بەفر بازدەدەی
وێنە لەگەڵ بەفریش دەگری
تۆ بەفر دەخەیتە باخەڵی مناڵەوە
بێچووش لە ڕەحمی ژن دەچنی
هێشتا لەوە دەچێ بەفرت خۆش بوێ
ئەوە تا
دەستەکانت پڕکردوون لە بۆنی بەفر

٢٠٠٦-٣-٣

# ترس لە گومانەبار یکەکانی سیراتی زەمەن

**بۆ ڕامبۆ.......... پێشکەشە**

خۆشەویستەکەم
لەسەرگەڵا وەریوەکانی پایز ڕاکشاوە
خەیاڵی لەگەڵ ڕەنگە ئەرخەوانیەکەی ئاسمان تێکاڵاوە
هاکا باڵندەیەک دێت ولەتێک لە جەستەکەی دەخوات
هاکا زەمەن دەبێتە دیرۆک و
بابۆنی خەوتنی دەبات ........!!

٢٠٠٥

# دەرگەوان

بۆ ماجدە رۆمی

ببورە دەمەوێ بڕۆم
ها....ئەوە کلیلی ژوورە تەنیاکەم
ها....ئەوە زاکیرەی (٢٧) ساڵەی تەمەنم
لەسووچێکی ئەم ژوورە دا
کتێبێک هەیە پڕە لە من
قەدەرێکی ماندوو هەیە
پڕەلەبۆنی هیلاکی( ژن)
ببورە دەمەوێ بڕۆم
ئێرە پەناگەی عەشق نییە
ساڵەها بوو خەونم پێوە دەبینی
ئێرە مەنزڵگای حەزوبیرەوەری تاڵم نیە

من لەناویا خۆم ئەبینی
باکلیلی ژوورە نسرمەکەت بدەمەوە
ئەم تەلارە بەرزەی تۆ
پڕە لە حیکایەتی قاقا،
لەسەربوردەی کچانی بەرئاوێتەی (خەنین)
ببورە ئێرە هەواری تەماشام نییە،
دەمەوێ بڕۆم ببمەوە قەرەجەکەی جاران
گوڵ بفرۆشم ...
ببمە ڕۆشنایی دەنکە شقارتەیەکی سەرشێت
بەدەست (کچۆڵە شقارتە فرۆشەکەوە)*
لە زستانی شەوی کریسمس
خەون ببینێ بەسرودی گەرم بوونەوە...!

* چیرۆکێکی منداڵانەی نووسەر.

# م ن و .........ت ۆ

من لە دەرەوەی تەهلیلەی کات
زەمانم ڕاخستووە بۆمێشوولەی وجود ....!
تۆش زۆر دوورتر لەمەودای هەڵوەریوی گەردەکانی عەتری لەمسم،
بە عەسا ماندووەکەت بیابانی تەڕی ووشکبوون دەبڕیت....
من سەبەتەیەک گوڵی وەنەوشەییم پێیە بۆ سەوزبوون
ئەوان حەز بە چرۆدەرکردنی ناکەن، لەقەد دیوارەکانی
باخچەی پووچی تەمەننا
تۆش دەست و پەنجەکانت بەنوسینەوەی قەسیدەیەکی
ملدرێژ ڕاهاتووە
لەدەرەوەی فەزای هەسارەکانی تەقەببول،
من چیرۆکێک دەگێڕمەوە
ڤالآیە لە مانیفێستی زەمەن و شوێن و ڕەوودلو

تۆش بەم ناوەختە چیرۆکم پڕدەکەی لەتاوان......
لەڕووتبوونەوەی ئیرۆتیکی مێسجەکانتەوە شەڕی عیشقم
پێدەفرۆشی
هاوڕێ ئەمە چ سەروەختێکە
ڕۆژ ژمێرەکانی مێژوو لە ژێری ژێرەوەی قەوزەی دەریاکاندا خەوتوون
چرکە چرکی سەعاتی زەمەن کاسی کردووین
کەچی هەر لەسەدەی سیفرا بەرگی بەستەڵەک دەپۆشین
دیرۆکیشمان بە کلتوری خۆڵەمێش دادەڕێژرێتەوە....
دە نەخشەی تەمتومان فڕێدە،
نەکەی ئیدی لەباتی ماچ گوللە بە لێوی یەکترابکەین
لەدوای لەمسی ئیرۆتیکی گوڵەکان
جنێوبفرۆشین...جامی ئابرو بزرێنین
هاوڕێ با غەریبتریش بین لە تەغریبی ئەسیوبیەکان
بەشەقامی پرتۆمبێلی ڕقدا
گوڵ و کلینێکس دەفرۆشین
شووشەی تەمگرتووی پەنجەرەکانی ڕوانین

بەپەنجەی بڕاوی عەشق و
پەڕۆی سووری مریەی لەخاچدراوی دوایین سەدە، دەسڕینەوە
نابێ بترسین لەڕژانی خوێنی وەسوەسەی ڕامان و
بارانی پڕ سەوزیی مردن
ئاخر مەڵێ بەخشینی قووڵاغێک بەسیمفۆنی غەریبیش
سەرمەدیترین ئیقاعی
بەڕەڵاکردنی لیباسی تەنکی ڕۆح و
ناموارادترین لەززەتکردنە بۆ مردنی قەرسیلی تەبیعەت...!

# ئەو شەمەندەفەرەی جێیهێشتم

من جانتای سەفەروکتێب و جلەکانی خەوتنم پێبوو
ئەو پەلەی فڕینی بوو
ئێوارەیەک لەتوێی بادا ون بوو....
ئەو هەنوکەش
بێ پەروا بەنێو زەویەکانی دنیادا سەفەریەتی و
بەنێو لەرەلەری شەپۆلەکانی تەمتومانددا گینگل دەدا......
من هەروا پیادەیی  لە ئاسمانی فڕیندا
دەهرێکە شوێنی کەوتوم و
پێیناگەم.....
لەوەیە من و ئەو لە نزیکیدا
مەودای نێوانمان سەدەها کیلۆمەتربێت
من هەر لە وچان نەکەوتووم ڕۆژێ پێی بگەم....!

جەخار ئەی با....
کەئێستا ئاڕاستەکانیشم لێ ونە
فریادڕەسمبە ئەی نوور
تەنانەت نازانم ڕێی سەفەری کەوتۆتە چ ئەستێرەیەکی گوومەوە
لە چ باغێکی پڕ سەوزیی بارانا
سەرنشینەکانی سەرخەوێکی قووڵ دەشکێنن...؟
کامە لە سەرنشینەکانی موسافیری وڵاتی مە بوون...؟
خودا.... شەمەندەفەرێک !!!
وێستگەکانی لەهێڵی تەم و
واگۆنەکانی لە پارچەی دڵە شوشەییەکەم و
سەرنشینەکانی مناڵی پیاوی ڕووزەردی
ناو تابلۆی شیعرە نەنوسراوەکانم بوون....
چەندین ساڵ بەر لەئێستا
لەسەفەرێکی پڕ مەوعیددا
بێ ماچ، بێ دەستگوشین، بێ چرپە
لەڕەشەبای بێمروەتیدا... جێیهێشتم......!

ئەو زەویانەی پیلانی سەفەری بۆ دارِشتبوو
لەدەرەوەی نەخشەی ئاوەز و ڕەنگی جوگرافی سەفەر بوون
ئاە... کە منیش کەڵکەڵەی کلکە پرسیارێکم بوو
نەیهێشت بیکەم،
نەیوست بزانم مەوتنی (با)ی مرور لەکوێیە،
کە ئەو لە(با)دا وون دەبێ.....؟
سەرگوزشتەی باران
لەکوێوە دەست پێدەکات؟
کە ئەو هەمیشە لەباراندا تەڕترخۆی دەنوێنێ....
لە تەمتوماندا سەوزتر!!!!؟.

# پەیکەری ئاو

کە بەسەر یەکا داڕوخام
ئیدی لەوێ بیر لەوە ناکەمەوە
چلۆن دلۆپە بەردەکانی پەیکەر
حیکایەتی گێڕانەوە
لەژێرقاچی دوێنێی ڕێبوارانا پەرت دەکەن
یان پۆستاڵی (نازی)یێک
لە چ سەروەختێ بۆ هۆلۆکۆستێ دەگاتەجێ
یا لەچ ئەلەندێکی سێبتەمبەر
ڕێکەوتننامەی خوێن لەجێی شەڕاب
بەر لە زەنگی کریسمس واژوودەکرێ
یان هیرۆشیما لەچ پاییزێکا دەستی ناکازاکی دەگرێت
بەرەو هەڵەبجە پریاسکەی کۆچەریی تێکدەنێ و

لەئاهەنگی درەنگ وەختی بەیانێکا
کاسەی تەمەنیان پڕەکەن لە بۆنی سێو
من لەوێ دەبم
لەناو خوێتی حەیزی ئاودا
بەتروسکایی چاوی خاوەرێ
لە هەڵهاتنی گزنگ ڕادەمێنم و
چاوە بێدارە پیرەکانم دادەخەم، هیچیان بۆ ناگێڕمەوە
مەترسن من لەوێ بەشایەد ناچم مەترسن!

# ژنێک بە ئەسپێکی بڕۆنزیەوە

بۆفەروغ.........پێشکەشە

ژنێک بە ئەسپێکی بڕۆنزیەوە
سوارە بڕۆنزیەکەی هەڵدەگرێت و بەرەو ئاسۆ تاودەدات
تا بە وەنەوزی خۆر
بەرەو سەرابیترین مەوتنی لەبیرنەچوونەوە تێبپەڕێت
ژنێک لەبەرایی هەفتەدا
دەستی شێرەکان دەگرێت
چاوە بڕۆنزیەکانی دادەگیرسێنێت
بە ئەشکەوتی تاریکیدا
ژوورە ساوناکە قفڵکراوەکانی تەمەننا
بەرەو مەنزڵی سوارچاکی خەونەکانی دەبڕێت.......
ژنێک بە ئەسپێکی بڕۆنزیەوە
میداڵی بڕۆنزیترین عەشق

دەسپێرێتە ملی شەرەفمەندی قەدەری پیاوو
ئێواران بارانی لێزمە بەفلچەی برژانگەکانی ڕادەماڵێت
تادەگاتە بەردەم خەلوەتخانەی قەقنەس
لەوێش تۆتکە ناگرێت
تەنها یەک ماچ بەشی قووتی ژیان دەدزێت و
حیلەی ئەسپەشێیە ئاهورامەزداکەی
لەمەودای سەعادەتی ماچە مزرەکەی دایدەبڕێتی و
ژووری فەنابوونی سەفەرەکانی بیردەخاتەوە
ژنێک بە ئەسپێکی بڕۆنزیەوە
کە هەنگاو بۆئەوی هەڵدەگرێت
نازانێ لرفەی زیوینی با بەرەو کوێیتر ڕایدەماڵێت...؟
لەسەر چ ئەستێرەیەکی سوردا
خاکێک دەکاتە بوومەلەرزەی نیشتەجێبوون؟
ژنێک بە ئەسپێکی حیلە درێژەوە
یەک سرووودی بیرناچێتەوە
کەڕژاوەتە زاکیرەی بڕۆنزی ئەسپە پیرەکەیەوە.

# گەڕان بەدوای جوگرافیای ڕەنگ

(یەک)

باڵات لەگەڵایەکی سەرئاوکەوتوو دەچێ

منی شەپۆل بمەوێ زیاتر لەخۆمت لول بدەم

گەردەکانم تێکەڵاوی بۆنی سەوزیت بکەم

بێدەنگیم لەنۆتەی دەنگتا بخنکێنم

تائیقاعی ڕەنگێکی نوێ دروست بکەین...

دەمەوێ بێم و سۆلۆی ڕەنگت بدۆزمەوە

هارمۆنی دەنگت بپێکم...

لە نسرمترین وەرزی بێڕەنگیدا..

(کەسکیت) بکەمە نوێترین سیمفۆنیای تەبیعەت

نامەوێ چیتر لە جوگرافیای دەریایەکی گومدا شەپۆل بدەیت...

دەمەوێ ئیتر منی گەڵا و تۆی شەپۆل...

منی شەپۆل و تۆی گەڵا
ڕەنگی یەکتر هەڵمژین، هەناسەی ڕەنگ بدەینەوە....

(دوو)
مەڵی ژیان گەڕانە بەشوێن ڕەنگا...
ئەوەتا لەخۆتەوە بڕوانە،
ژیان وێڵ بوونە بە دوای لەگۆڕنانی وەتەری ڕەنگ...
بەسەر ڕەنگدا پاڵ مەکەوە...
تۆی بێ ڕەنگ تا سەر ئەوجەنگە دۆڕاوە نابەیتەوە...
ئەو ڕەنگە تێرانە تارمایی دەدەنەوە بینایی ئینسان
گۆرانی لەبیربالاکردنی ئەمەل دەبەنەوە،
گوێی قەدەر کاس دەکەن...
ئیدی ئەو وڕێنەیە لە بیرکە
بەسەرتەنافی ڕەنگدا
((ژیان بکەیتە گەمە...!!))

(سێ)

ڕەنگەکانم لەزاکیرەتا بسڕەوە

من ئیدی داربەڕوویەک نیم چوار وەرزە بارانی ڕەنگم دابکات

ئیدی سێبەری ژنێک نیم چەتری خۆری حەزەکان بم...

مۆنالیزایەکی شێت نیم بەپەنجە پڕغوبنەکانت

مشتێ زەردەخەنەی سورم لە نیگارێکا پێ ببەخشی...

ئیتر بەنیازم ماسکی ناسکیم تورهەڵدەم

لەبەرپەنجەرەی حەقیقەتدا لەمانای باران ڕامێنم،

عەشق ببەخشمە خۆریش...

دەمەوێ ئیدی ئینسانانە بڕوانمە سێبەری چیا

کەبەسەرهەرێمێکی تەنگا ئەشکێتەوە

بڕوانمە خۆم لە ئاوێنە ژەنگاویەکەی داپیرەی تەبیعەت

کەئیدی کچێک نابێت لێیەوە قەدەری خۆی بخوێنێتەوە...!!

# من و مۆمێکی کریسمس

بەدیاریەکدا دەتوێینەوە
کێ هەیە
لەم وەرزی کڕێوەیە
پف بکاتە تەمەنی خۆڵەمێشیی هەردووکمان...؟

❊❊❊❊

من لەخەیاڵی ئەودا (مۆم)
دەستم خستۆتە ژێرچەنە نەرمینەکەی ستادیۆمی دەسبازی ئەو
ئەولە خەیاڵی مندا تاریک دەسووتێ..
تاریک وەک ژوورە ڕوونەکەی جارانی ئایەتی نوور
جارانی بەرلەسوورەتی ون بوون و
گۆمی مەنگی تەنیایی (ژن)

❊❊❊❊

دڵم وەک ئاوازی حەزینی
شمشاڵژەنانی نیشتیمان

بەدەستی کوڕە غەریبێکەوە نامورادانە دەشڵەقێ...
بێ ئاگا لەئەدرەسی نۆتە تێکشکاوەکانی ڕۆحم
فوو دەکاتە تەمەنی خاڵی بوومەوە...!!

# سەماکەرێک لە باغی (ترێ)دا

ئەو بەقیمەتی هێشووە ترێیەک
خستمیە ناو زەمبیلەی حەزەوە
سپاردمیە خاکی شەڕاب...
ئێستا شووشەیی شەڕابی خەستم بەدەستیەوە...
دەمگوشێ و...
لەپڕیاسکەی بیرەوەری دوێنێی سەما
نەسەرەتایەکم لێ دەچۆڕێ... نەکۆتا
ئاە... کە زاکیرەم پڕە لە دەسگوشینی (با)
لەژێر ساباتی سرووودەکانی تریفەدا
ئاە... کەبیری ڕۆژانی سەمادەکەم
لەنێو دارمێوە پاییزیەکانی ئەوێدا...
ئاە... کەدڵم بەڕۆژانی تەنیایی مەحزونە

لەنێوجەنگەڵی سەفەری تەرمی موسافیراندا...
ئەونەبێ...!!
هیچ ڕێبوارێک بە پێنگاوە ماندووەکانی سنووری گەڵا
ووشکەکانی
دەڤەری ژنێتی نەشێلام
ئاە... کە ئێستا پەنجەرەی یادگارەکانم تەڵخە
بە مەحشەری ئەبەدییەتی مردن
لەبری سەما.....!!

٢٠٠٦

# دەرگاکان مەکەرەوە

لەودیوی هەنگاوەکان جەنگ هەیە
لێگەڕێ با دەرگاکان بە داخراوی بمێننەوە
لێگەڕێ باتاتایی دەنگە نەشازەکانی جەنگ
لەودیوی دەرگا داخراوەکانا
تەبیعەت تۆپ باران بکەن
لێگەڕێ با ئینسانیەت
لەکردنەوەی دەرگا قفڵکراوەکانا هەڵنەوەرێ
نا .....دەرگا داخراوەکان بشکێنە
باجەنگ باڵی ڕەشی
بەسەر ژووری قاوەخانەکانی ئینسانیەتدا
بکاتەوە...

با تاتایی لەناوجەنگ

مردنی تەبیعەت ببینین ...!!

❊❊❊

جەنگ کۆتایی هات

وەرە دوای جەنگ

((با یەکتریمان خۆشبوویت))

٢٠٠٦

# ڕێگەم بدە با لەناوتا بنووم

لەناوتا دەریاچەیەکی مەنگ هەیە
پڕە لە چاوانی خەواڵوی کچانی هەرزەکاری وڵات
پڕەلەحیکایەتی خۆکوشتن..
لەسەربڕینی زەمەن بەدەستی ئاسنینی حەز
لەناوتدا شاعیرێک هەیە پڕە لەمن
تۆناتەوێ لەدایک ببێ..
ئەی پیاو..!
لێگەڕێ با ئەوشاعیرە پەژمووردەیە لەدایک ببێ..
کەسەدەیەکە لەناوتدا سەرخەوێکی قووڵ دەشکێنێ...
لێگەڕێ پەسیرەی ئەمەلی پێ بگات
تا گۆرانیەکانی تەواو بکات...
لاولاوی حەزەکانی پەل بهاوێ..

ئاسمانی عەشق تەی بکات..
سرودەکانی جەننەت بێنێتەوە سەر ڕووی دونیا
لێگەڕێ با ئەمجارەیان
ژنێک ڕوناکی دابهێنێ
بە ئێلیکتریکی عەشق مرۆڤایەتی ڕۆشن کات
ئاسەواری سەفەر بسڕەوە لەخۆتا
بائاراستەی بیرم نەشلەقێ
نەخشەی سەماکانم لێ نەشێوێ
لێگەڕێ با لەم سەرزەمینە پڕ دێروکەدا
موسافیرێکی دیکە لەدایک ببێ
پیلانی سەفەرەکانی دوور
زۆر دوورتر لەمەودای نێوانمان دابڕێژێ
شیعرە پڕسەفەرەکانی لەسەرزەمینی عەشقی ئێمەدا نەنوسێتەوە
مە پێویستمان بەشاعیری دەواربەکۆڵ نیە
لەنیشتیمانی سەفەردا بەڕەڵلامان کات
بمێنەرەوە لێرەدا

لەفەزای عەشقی مندا
هەمووشتەکان ڕەنگی جیاتریان هەیە
باقیمەتی ئەو ڕەنگانە لە لەزاکیرەی تەماشامانا ون نەکەین
تۆ دەڵێ چی ئەی پیاو....؟
ها.. تۆ دەڵێ ی چی؟

# کەرکوک

دوێنێ برۆنزیترین سەفەری پێبەخشیم
من لەزاکیرەمدا کردم بەدرێژترین قەسیدە
پڕ ئەستێرەترین ئاسمان
وردترین زەنگیانەی نهێنی
خۆراوابوونێک بەرلەوەی بیانکەم بەملوانکە
دایکم فنجانەکانی قاوەی سڕینەوە
چاوەکزەکانی دەسخەڵەتیاندا
لەباتی نیسکافێ، زەنگیانەی قووڵترین نهێنی
بۆ میوانان کرد بە قاوڵتی
ئیدی لەوساوە بابەگوڕگوڕ
لەخەمی بێووڵاتیادا
لەئامێزی کەرکوکی زامدارد
بەتاوتر گڕ دەسێنێ و بێباکتر خوێن دەبەخشێ.

# من بۆ ئەو قەنەفەیەی ڕاست بەرامبەر وێنەکەتە پلیتێکی وەڕەزیم بڕیوە*

جارێکیتر بۆ چیخۆف........ لە کنیپەرەوە

ئەوە من بووم زەردەپەڕی ئێوارەیەکم بۆ تۆ دواند:
با گالیسکە شەق و پەقە ماندووە ئۆگێستیەکەمان
بە کەشتیە هەڵمیە (جولای)ی یەکەی چیخۆف نەگۆڕینەوە
ئەوسا نیگا پەرتبووەکانمان دەنێرینەوە تەقسی فڕین
تا بە مەودای هەورە تریشقەیەک
دەگەینە نزیکترین بەندەری
سەفەرە ئۆکتۆبەریەکەی بەردەم شەقامی باران و
خیوەتگەی عاشقانی هەنار...
و تەرمی دەسگوشینی با و
کڵاو ڕۆژنەی عەسرانی نەخۆشیی

لەبەردەم کلینکی چارەسەریی هەڵوەدابوون
بە شوێن هەڵمژینی هەناسەیەکی نەخۆشتری مەعشوق
لەوێدا ڕۆڵی (ئانا) بەمن مەسپێرەوە
کەمن لەتەنیاییا بوراقێکم هەیە بۆ بازدان
سەرم مەدەرە (ناڵە)ی سەوداییەوە
کە من لە بیستنی سەدای ئینسانبوونمەوە
بە قاچێکی کوێرەوە بەکێڵگەی (مین) ڕادەکەم
تۆ نەماڵێکت هەیە لەکەنار شەپۆلی دەریا
نە باخچەیەکی سەوز لە تووڕەیی شیلەی هەرمێ،
نە هێشووی مزری ئەمەلێکت
لە نزیک ماڵی ئینجانەی خۆزگەکانما چاندووە
من نازانم بۆ پێپەتی شوێن سێبەری تارمایی کەوتووم و
شەوانە بۆ ئەو قەنەفەیەی ڕاست بەرامبەر
وێنەکەتە،پلیتێکی وەڕەزی دەبڕم و
سوژێتانە پەڕەمووچی لانەی حەسانەوەم دەسپێرمە قەدەحی
شکاوی (باو)ە،

هێشتاش مەترسە، من (کنیپەری) نێو کتێبی شانۆنامەکان بم
تۆز بمگرێ و لەڕۆڵی دڵبەرێکا هەڵبوەرێم و
خۆڵەمێشی حەزو بیرم بڕژێتە نێو باخچەی زەردی تەمەنەوە

هەولێر - ٢٠٠٩

* دێڕێکی ناو یاداشتنامەکانی کنیپەری ئەکتەرە بۆ چیخۆف.

## ئەی باران دامەکە تا نەبمە لیتەی ڕووباری

**بۆ مەرگی ناوادەی دوعاکانی نیشتمان**

ئەی ڕوبار ڕێڕەوت بگرەرەوە ئیدی
لە کەناری پڕ خوڕی هیچ سوهرابێک ئاور مەدەرەوە
ئاسەواری (دەنگی پێی ئاوێک)*ی تریش لەگەڵ خۆتا
ڕامەماڵە
باپەڕەی هیچ گوڵێک بەناوتا حیکایەتی فیراق پەخشان نەکا
بوەستە!..... بوەستەو
مەهێڵە چڕنووکی پاساریەک لە قەدەری تەڕبوونت بخواتەوە
دەنوک لەچارەنووست بگرێ.....
ئەی ئاو بیر بکەرەوە
تا ئێستاش لە قەواڵەی ئەو باخەوانەی

---

* ناونیشانێکی کۆمەڵە شیعرێکی سوهرای سپهری شاعیری ناوداری ئێرانە.

کە لە بەیانی تەمموزێکا لێی خواردیتەوەو
ئیتر بۆ تاتایە ناسنامەکەتی خستە گیرفانە دڕاوەکانیەوە
ئەگەرچی لێم یەقینە تۆ نەتدەویست
لقە بێنازەکانت بەرەو کەناری زەوی دەستکرد بەردەیتەوەو
ئەو توتڕکانە ئاودەیت
کە لە ئاسمانی هیچ خەونێکتا نەدەبوون بە ساماڵ!
ئەی ئاو مەهێڵە هیچ شەوێک
چیتر تریفەی خۆیت پێ ببەخشێ
یان جریوەی ئەستێرەکانی بێزارت بکات
مەهێڵە ئیدی ئێوارەی پایزێ
ژنێک بەسوخمەی سورەوە مەلەی عەشقت تیابکات
خەمەکانی خۆیت تیا هەڵوەرێنێ
مەڵێ ناتوانم لقەکانم بەرەو نشێو بگرمەوە!
بەرەو هەڵدێر!
مەڵێ تازە ناتوانم کچێنی خۆم شەتەک بدەمەوەو
بچمە بوخچەی پاکیمەوە

مەڵێ ها ئەوەتانێ منداڵەکان لەخوارەوەی چەمەکەدا
چاوەڕێمن لەلقەکانم گوڵ بڕوێنن!
یاری بوکێ قوڕین دروس کەن!
مەڵێ دەستم بە یاری نێو لیتە ڕاهاتوەو وەعدم داوەتە
مێژووی کوڕی باران
مشتێ لیتە لەکەنارما بکەم بە خاک!
تا لە قاپی قیامەتا بەشی گۆڕستانێ بکا بۆ ئەزیزان
لێم ڕامەکە ئەی خاک کەمن بەناوتا ڕۆئەچم بە سروودی
نیشتمان مەستم کە ئەی خاک
تا خۆم و سەدەی ئاو بوونم بیرئەچێتەوە
مەستم کە ئەی (با)ی سەبا
تا ئەوێرم بەشوێن وەریندا دەنکە هەڵاڵەکان ڕابماڵم
بێهۆشم کە ئەی مەوتن
با لای لایەی دایکانی بێ مەمکم بیرچێتەوە
کە لەشەوی زاوایی قەقنەسا
دەستە پڕ هەرمێکانیان جەلاد بردی و

پێنج هەزار جار سورەتی یاسینم خوێند
سیحەتیان بوو بە توێکڵی لیمۆ و
نەگەڕانەوە پێخەفی لەززەت!
مل دەنێم و ئەو مەوتنە جێدەهێڵم...
کەڕۆژێ بەهاری پڕکردم لە خەزان
شوێنم مەکەون ئەی کوڕانی پیرە پیاوانی نامووس
ئەوەتانێ کۆشکی ڕووخاوی مرواریەکانم لەپاش خۆما جێهێشتووە
بۆ واریسە شەرعیەکانم یەکی بەشێک یا دوو بەش و
ناشەرعیەکانیش چەپکێ شەرمەزاری ڕووت!
ئەوانەی ڕۆژێ ویستیان من لەڕوبار بوونم بسەننەوە
نەیانهێشت چێژ لە ڕەنگی سەدەفی مرواریەکان و
تریقەی ڕێبوارانی تینووی عەشق هەڵمژم
کە لەبەر خۆری هاوینانێ بیابانی بێکەسی بردبوونی...
مەپرسن کەوەڕەسم لەو هەرزەکارانەی بە زناری کەنارەکانم
هەناوم بەرد بارانم دەکەن
لەو پاسەوانانەی تفەنگەکانیان لەدەرپێی سوری خوشکەکانیان

وەرگێڕاوەتە سەر بێگەردی مەوسیمی ئالی کچێنیم
ئەی خاک بمبورە کەئێدی بڕیاروایە چیتر گۆرانیت بۆ نەڵێم
گوڵ و مێخەک و شانەو عەترو پەنجەکانم
لەکەناری لماوی فیراقا جێبهێڵم
هانێ ئەوە سەبەتەیەک ماڵاوایی بێدەنگ زیزمەبە لێم
چیتر ناتوانم لەم کەناری بەردبارانە بە جەستەی دوو
کەرتبووەوە
خوێنم لە نوتقی بلۆک و شەمشەمەکوێرانی عەشق
بخوازمەوە
هانێ ئەوە چۆڕێ وەفا بۆ باڵای سەوزی زراڤت
بەس تۆو خودا، ئەم بەهارەش ڕوخسەتمدە
مەوعیدم داوەتە زریان، کوڕی وولاتی لێزمەباران!
بەس تۆ دواجار لەم بەهارە غەمگینەدا ڕووخسەتمدە!!
ئەی نیشتمان مشتێ ڕووخسەتی سوورم دەوێ!
تا لەودیو سنوری حەقیقەتەوە
بەشوێن پارچە هەڵوەریوەکانما تاوێ بە پێ پەتی دەگەڕێم!

# دەنگیش پارچەیەکە لەمۆسیقا؟!

هێی..... وەڵەڕێ........ وەڵەڕۆ.........

(یانی) با ژەنینی ئەم شەومان جوانتر بێ لە چپەی

ئەسیری دووعاشق

لەدوای کاژێری سڕی خەو....!

وەی..... دوێ.... وەی...... لە نۆتەی هەناسەی وەی.........

کراسی هەستتم بەرێ تا زۆر زۆر مەستانە گوێ بۆ لەحنی

ئەمەل شل کەم

هەموو هەستەوەرەکانتم بەرێ تا لەپێستمەوە ڕۆژنەی

ئارامی هەڵمژم

هۆووووو...........هۆووووو.........هههههههههههههههههههههههههههوووو

یانی ئەو ئاوازە بێدەنگە هاواری دەنگی دزیوم

من ئیدی چی ببەخشمە نەزمی تەڕی وێرانبوون؟؟؟!

## سەفەر

تۆلەکوێوە هەڵدەوەرێیتە چارەنووسمەوە
کەمن لەکتێبی ڕێگادا تۆم سڕیوەتەوە؟

## شکسپیر

من لەتەختی دواین نمایشدا
لەبەرگی (جولییێت) دێمەدەرو
چیترئەو ڕۆڵە ناگێڕم
پڕبێ لەکوشتنی (ڕۆمیۆ)و
لەخاچدانی مەمکی سێو....

## پیری

من کە لەخاکی زەردی دا سەوزیم ونە
تۆ بە تاوان مەحکومم مەکە
ئەوە قەدەری باڵندەکانە لەوێدا

## بیتهۆڤن

تۆئەی ژەنیارترین وەهم لە سیمفۆنیای ژنێتیمدا

کە بەوئیقاعە تێکشکاوانەت کاسم،

چۆن چاونەبڕمە ئاسۆ و بیژینگ بۆ تیریژێک زەمەنی ئەودیو

هەڵنەدەم،

کە لەوبەری تەمەندا چیت نەسپاردە نیشتیمانی سەما

تابین بەقامک وگوڵ بگرن....؟!

## زەوی

ئێوارەیەک دەستی نزای بەرزکردەوە ئاسمان:

خودا .. عەشقی پلۆتۆ و عەتارد کوشتمی

نامەوێ منی بێخەتا ناوبژیوانی شەڕە عیشقی هەسارەکان

بم لەئاسمانی مەحاڵدا

## ئاوێنە (١)

لەوێدا ناتوانین ڕوخسارمان بگۆڕین
وەلی لەئاوێنەی یەکتریدا
ڕووخسارمان دەیەها ڕەنگە....

## ئاوێنە (٢)

نا لێرەشا  ئەو ناتوانی هەمووشتمان پی بلی

## مۆزارت

بەپەنجە تووتەی موعجیزەوە
پەڕەی گوڵ هەڵمەوەرێنە سنوری بێدەنگیەوە
لەوێدا گوێچکە تەنیاکان
قوڵپ بۆ نەژەنینی ئاوازی خنکاو دەدەن
لەئاسمانی تاریکیدا ئاوێنەی خاکن....

## سۆراخ

کەتۆم لەخۆمدا ونکردووە

تۆ بۆ سۆراخی خۆت نایەی؟؟؟

ئەو ئێوارەیەی ئەڵماسێک لە دەستی ڕاوچییەک کەوتە دەریا

زەوی لەسەرما لەرزی گرت

ویستی ئەستێرەکان بدا بەخۆیدا

نەوەکا تیشکی بنەوشەیی خۆر

بۆ بەیانی بیسووتێنێ...

## عە تارد (١)

ئەوپیاوانە بەتلسکۆبەکانیان لەچی دەڕوانن؟

تۆبڵێی ئەوپەیکەرانە لەپێستی ژن هەڵنەکەنرابن؟

ژن لەم ڕەقبوونەدا مەگوشن

لەوانەیە مانگایەک شیری بدۆشێ

ژنیش شیعر....

## عەتار (٢)

هەناسەم کپ مەکە
دەمەوێ بەسەربادا سەفەر بەرەو
(تۆبە) بکەم
تۆدەڵێی چی؟

## پیاو (١)

تۆئیتردەست مەدەرە کتێبی ئەستێرەکان
کەسەدە دوای سەدە
زەوی دەخەنەوە....

## پیاو (٢)

تۆکەلە زەمەنی ڕامان ڕادەکەی
من چۆن هێلانەی عەشقم نەبێت بەپاییز
چۆن پەنجەکانم قەوزە نەگرن
نەبنە ژەمی ماسیە پەڕ وەریوەکان؟

پیاوقایشەکەی هەڵدایە زەریا بووبەپەیکەر
ژن مەمکەکانی هەڵدایە ڕوبار چیا سەوزبوو
ئیترلەوڕۆژەوە
گەمەی ژن وپیاو بوو بە(شەڕ)
بووبەدرێژترین شیعر

## هالە

پێمگووت مەڕژێرە چەمی ژنێتیمەوە
ئێمە پێویستە
تەنها وەک بروسکە بەیەکدا تێپەڕین....

## !؟

لەمناڵیما حەزم بەفڕین بوو
وەلێ داخم کەگەورەبووم تێگەیشتم
نەک فڕین لەسیفەتی باڵندەکانە
ئینسان بۆی نیە بیر لەباڵیش بکاتەوە!

# پێرست

مەوکیبی ڕاسپۆتین ...................................................... ل٥
کەڤرینترین .................................................................. ل٧
ئێوارەیەک لەشەقامی سەوزدا ئەوم بینی................... ل٩
لەکتێبی وەسوەسەی سێو – ئەی سێو شەڕە شیعر بەسە .. ل١١
ئەو پیاوە سپی پۆشەی داوای زۆرم لێدەکات ........ ل١٥
ماچ ............................................................................... ل١٩
بۆ سپینۆزا .................................................................. ل٢١
کەخۆر دەکوژێتەوە ..................................................... ل٢٣
دزەنیگایەک لەکانیلەی بەبەردبوونەوە .................... ل٢٦
شەوشاد ....................................................................... ل٢٧
حەفت تابلۆ ................................................................. ل٢٨
ئەو و ئێمە .................................................................. ل٣١
میریەمی دوایین سەدە ................................................ ل٣٣
پەنجە کوتراوەکانی ئێلزا ............................................ ل٣٤
بێتاقەتترین خەندە ..................................................... ل٣٦
بۆنی بەفر...................................................................... ل٣٧

ترس لەگومانە باریکەکانی سیراتی زەمەن............. ل٣٨
دەرگەوان ......................................................... ل٣٩
من و تۆ............................................................ ل٤١
ئەوشەمەندەفەرەی جێیهێشتم...................... ل٤٤
پەیکەری ئاو ..................................................... ل٤٧
ژنێک بەئەسپێکی برۆنزییەوە..................................... ل٤٩
گەڕان بەدوای جوگرافیای ڕەنگ ............................ ل٥١
من و مۆمێکی کریسمس.......................................... ل٥٤
سەماکەرێک لەباغی ترێدا........................................ ل٥٦
دەرگاکان مەکەرەوە.................................................. ل٥٨
ڕێگەمبدە با لەناوتدا بنووم.......................................... ل٦٠
کەرکوک ......................................................... ل٦٣
من بۆ ئەو قەنەفەیەی ڕاست بەرامبەر وێنەکەتە پلیتێکی
وەڕەزیم بڕیووە ......................................................... ل٦٤
ئەی باران دامەکە تا منی خاک نەبمە لیتەی ڕووبارێ ............ ل٦٧
دەنگیش پارچەیەک مۆسیقایە ................................... ل٧٢
کورتە شیعر........................................................ ل٧٣ – ٧٨